کۆمسیۆن چاپکردنی ٢٢ ملیۆن کاغەزی دەنگدان بە ستانداردی توندی ئەمنی هادەگەیەنێت

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کاغەزانەی بە دەنگدەرانی گشتی تەرخانکراون گەیشتە 22 ملیۆن و 46 هەزار، کە بەپێی ستانداردە ئەمنییە توندەکان چاپدەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا کەی ژمارەی دەنگدەران گەیشتە 21 ملیۆن و 404 هەزار دەنگدەر.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەمڕۆ شەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ژمارەی ئەو کاغەزانەی بە دەنگدەرانی گشتی تەرخانکراون گەیشتە 22 ملیۆن و 46 هەزار و 200، هەروەها ملیۆنێك و 509 هەزار و 300 کاغەزی بە هەڵبژاردنی تایبەت ئامادەکراوە. لەگەڵ پەسەندکردنی وەرقەی یەدەگ.

ئاماژەی بەوەشکرد، کاغەزەکان بەپێی ستانداردە ئەمنییە توندەکان چاپدەکرێن، لەوانەش نیشانەی ئەمنی شاراوە، ڕەنگی تایبەتمەند کە تەنها بە ئامێری تایبەت و تاقیکردنەوە دەستنیشان دەکرێت، هەروەها ئەو تایبەتمەندیانەی کە ڕەگری لە کۆپی کردن دەکەن. جگە لەوەش جۆرێکی کاغەزەکە بەشێوەیەکی تایبەت دروستکراوە نیشانەی هاوشێوەی ئەوانەیە کە لە دراودا بەکاردەهێنرێت.

وتېبژی کمسیۆن باسی لێوەشکرد، دەستی کەمیسیاران ڕەزامەندی لەسەر دابەشکردنی کۆتایی دەنگدانی گشتی و تایبەت و ئاوارەکان دەربڕی و کە ژمارەی دەنگدەران گەیشتە 21 ملیۆن و 404 هەزار و 291 دەنگدەر.

ئەوەشیخستەڕو، ژمارەی دەنگدەرانی دەنگدانی گشتی گەیشتە 20 ملیۆن و 63 هەزارو 773 کەس و ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدانی گشتی گەیشتە هەشت هەزار و 703، کە 39 هەزارو 285 ناوەندی دەنگدان لەخۆدەگرێت.

وتېبژی کمسیۆن باسی لێوەشکرد، ژمارەی دەنگدەرانی دەنگدانی تایبەت گەیشتوەتە ملیۆنێك و 313 هەزار و 980 کەس کە لە 809 ناوەندی دەنگدانیان بە ئامادەکراوە. هەروها ژمارەی دەنگدەرانی ئاوارە گەیشتە 26 هەزار و 538 دەنگدەر، کە 97 ناوەندی دەنگدانی تایبەتی بە ئامادەکراوە.